
سەماحەتی سەید حەکیم و فەخامەتی سەرۆك عەبدولفەتاح سیسی چۆنیەتی پێشخستنی پەیوەندییەکان تاوتوێ دەکەن



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بە فەخامەتی سەرۆك عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی کۆماری میسری عەرەبی و لەم دیدارە باس لە پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان و پێشهاتەکانی ناوچەکە و جیهان کرا.

سەماحەتی حەکیم لەم دیدارە قووڵی پەیوەندی نێوان عێراق و میسری خستە ڕوو و دڵخۆشی خۆی پیشاندا بە ئاستی بڕاو سەروەی کە لەهەموو بوارەکان لەگەڵ میسر بەخێوە بینیوە و گوتیشی دڵبەت باشتر بکرێت و بچێتە چوارچێوەیەکی ستراتیژی لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

.

بەڕێزیان بە سەرۆك کۆماری میسری ڕوون کردەوە کە عێراق لە بەگژیەکی سەروەری نزیک دەبێنەوە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئۆرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە کۆتایی مانگی ئایلولدا، هەروەها جەختی لە ئیرادەی هێزە سیاسییەکان کردەوە بە پاڵپشتیکردنی حکومەتی عێراق بە سەرکایەتی ئەلزەیدی لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی چەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و ئاماژەی بەوشکرد کە ئابووری عێراق توانای تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی ئێستای هەیە کە لە ئەنجامی گرژییە ناوچەییەکانەوە سەریهەڵداوە، هەروەها عێراق بە بەردەوامی هەنگاو دەنێت بەرەو چالاککردنی سیستەمێکی ئابووری هەمەچەشن کە خواستەکانی گەلەکەی بەدیبهێنێت و بناغەی پێویست بۆ گەشەپێدان دابین بکات.

.

. لەسەر ئاستی ناوچەکە، سەید حەکیم جەختی لە پێویستی دوورکەوتنەوە کردەوە لە هەنگاوە مەترسیدارەکانی پەرەسەندن کە ئەمساڵ لە ناوچەکەدا بەدی دەکرێت، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە زمانی تووندوتیژی و چەک چارەسەری بەردەوام بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو زیاتر کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیان بەجێدەهێڵێت، وەک ئاوەی لە قەیرانە ئابوورییەکانی ئێستادا بە تایبەتی لە کەرتی وزەدا دەرکەوتووە.

سەید حەکیم پاڵپشتی دووپات کردەوە بە ئاو ئۆرکە میسرییەی بە داکەکی کردن لە مافەکانی گەلی فەلەستینی دەدرێت بە ئاوەی زۆمیان لەسەر هەڵبگیرێت و ستایشی ئاو دەستپێشخەرییەی میسری کردبە ئاوەدان کردنەوەی غەزە و هیوای خواست هەموو هەوڵە عەرەبییەکان یەکگر بن بە ئاوەی هیوا بە گەلانی عەرەب بگەڕێنەوە کە لەچەندین دەوڵەت لە مەینەتیدان و دووپاتی کردەوەش کە چارەنووسی عەرەب یەکە و تاکە ڕێگا بە چوونە دەرەوە لەم دۆخە گرژی ئێستا ئاوەیە یەکگر بن.